# ئیستاتیکای دووبارەکردنەوە لە شیعری نالیدا

حەمە نوری عمر کاکی [١]

[١]بەشی کوردی،کۆلێجی زمان،زانکۆی سلێمانی،سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: hama.omer@univsul.edu.iq

## ملخص البحث

هذا البحث بعنوان (جمالية التكرار في شعر نالى)، ومن خلال تحليل لبعض من اشعار الشاعر الكردى الشهير، اذ يعرض جمالية ذلك التكرار الذى حصل فى تلك النماذج الشعرية المختارة، ويتألف البحث من قسمين: ففي القسم الاول يتحدث عن مفهوم مصطلح التكرار كظاهرة فنية فى الشعر الكلاسيكى ، وفي القسم الثاني والذى يعبر عن المقصد الرئيسى للبحث ،حدد مجموعة من النصوص الشعرية والتى عرض فيها ظاهرة التكرار الصوتية و الكلمات والمصطلحات والعبارات ، فضلا عن تكرار الجمل الشعرية فى بعض الابيات والنصوص الشعرية ، ومن خلال ظهر جمالية فن التكرار فى هذه النصوص الشعرية المختارة ، ثم اوجزنا النتائج فى عدة نقاط ، واختتم البحث بترجمة ملخص البحث باللغتين العربية والانگليزية.

## Abstract

This research entitled (The Beauty of Repetition in Nali's Poetry) is an analysis of some of the most famous poems by the Kurdish poet. It shows the beauty of repetition that appears in the chosen poetic models. The research consists of two parts: In the first section the author talks about the concept of the term repetition as an art phenomenon in Classical poetry. The second section, which expresses the main intention of the research, a set of poetic texts are specified in which the phenomenon of phonetic repetition and words, terms, phrases are presented, as well as the repetition of poetic sentences in some verses and poetic texts and through the beauty of the art of repetition in these poetic texts., Then we summarized the results in several points and concluded the research by translating the summary of the research into Arabic and English

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٥ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢٠) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن:٢٠٢٠/٦/١٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن:٢٠٢٠/٧/٨ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٠/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | hama.omer@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٠ پ.ی.د.حەمە نوری عمر کاکی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## پوختەی توێژینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی( ئیستاتیکای دووبارەکردنەوە لە شیعری نالی )دایە ، لە ئەنجامی شیکردنەوەی چەند دەقێکی شیعریی شاعیری ناوداری کورد (نالی) یەوە ، جوانی ئەو دووبارەکردنەوانە خراونەتە ڕوو ،کە لەو چەند نموونە هەڵبژاردەیەدا بەرهەمهاتهوون . لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا، باس لە چەمکی زاراوەی دووبارەکردنەوە ، وەك دیاردەیەکی هونەری لە شیعری کلاسیکیدا کراوە . لە بەشی دووەمدا ،کە مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکەیە. چەند دەقێکی شیعریی دیاریکراون ،کە دیاردەی دووبارە بوونەوەی دەنگی و وشە و زاراوە ودەستەواژەیان تێدایە ، سەرباری ئەوەش باس لە دووبارە بوونەوەی ڕستەیی لە هەندێك دێر و دەقی شیعریدا کراوە ،کە جوانی هونەریی دووبارەکردنەوەیان تێدا دەردەکەوێت . لە کۆتایدا ئەنجامەکانمان لە چەند خاڵێکدا کورت کردووەتەوە و لێکۆڵینەوەکە بە وەگێڕانی کورتە و پوختەی باسەکە ، بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی کۆتایی پێهاتووە.


**وشەی کلیلی: دووبارەکردنەوە، دەنگ ، فۆنێم ، ڕستە، جوانی ، ڕەوانبێژی ، ڕەگەزدۆزی ،**

## پێشەکی

شیعری نالی (١٨٠٠ – ١٨٧٤ )مەیدان و کێڵگەیەکی ئەوەندە بەبەرهەم و پرهونەری ڕەوانبێژیی و داهێنانی تەکنیکییە و لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆك و ئاستی زمانیشەوە ئەوەندە بەپیت و پێگەیشتوو وڕاستودروستە، لە هەر گۆشەنیگاوڕوانگەیەکەوە سەیربکرێت وسەرنجی وردی لێبدرێت ،دەکرێت گەلێك توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لێوە دەست بکەوێت. دیاردەی دووبارە بوونەوەی هونەریی ، ئەگەر نەوترێت لە هەموو، ئەوا دەتوانرێت بگوترێت لە زۆربەی پارچە شیعر و چامەکانی نالیدا بەرچاودەکەوێت . ئەم دوووبارە بوونەوەیە وەنەبێت لە بێدەسەڵاتی و بۆ پڕکردنەوە و هاوسەنگییەکی تەکنیکی شیعر بووبێت ، بەڵکو وەك هونەرێکی ئیستاتیکاو جوانی بەخشینێك بەفۆرم و ناوەڕۆکی شیعرەکە ، ئەوکارەی بەئەنجام گەیاندووە.

توێژینەوەکە لە دووبەش پێکهاتووە ، لە بەشی یەکەمدا جگە لە چەمك و واتای هەردوو وشە و دەستەواژە کلیلییەکە ( دووبارەکردنەوە و ئیستاتیکا ). ئەم دیاردە ئەدەبییە ، وەك هونەرێکی شیعریی لەڕووی تیۆرییەوە و بنەما زانستییەکان، لەشیعر و ئەدەبیاتی کوردی و نەتەوە دراوسێکاندا تاوتوێ کراوە ، لە بەشی دووەمدا بە میتۆدی شیکاریی دەق لێکدانەوە و ڕاڤەکردن بۆ هەندێك دەقە شیعریيانەی نالی کراون ، کە هونەری دووبارەکردنەوەی دەنگی و مۆرفیم و وشەودەستەواژە و تەنانەت دووپاتکراوەی ڕستە و بەشە ڕستەشی تێدا بەکار هاتوون . ئەمە سەرباری ئەوەی لە دووبارەکردنەوەکاندا هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە ڕەگەزدۆزی وچواندن و خواستن و ...هتد بەکارهاتووە ، هەروەها لەڕووی واتا سازییەوە فرەواتایی و واتای نوێی بە وشەو زاراوە دووبارە بووەکان بەخشیوە ، کە هەندێك لەوانە لە فەرهەنگی زمانەکەدا هەن و هەندێکیشیان جگە لە جوانی وئیستاتیکاکەی واتایەکی نوێی بۆ فەرهەنگی زمانی کوردی دروستکردووە ، لەکۆتایی توێژینەوەکەدا بەچەند خاڵێك ئەنجامە گرنگەکان دیاریکراون و ئەو سەرچاوانەی وەك پاڵپشتێکی زانستی سوودیان بۆ لێکۆڵینەوەکە هەبووە ، بەپێی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی لە لیستی سەرچاوەکاندا ناویان هاتووە لەکۆتایدا لەبەرئەوەی هونەری دووبارەکردنەوە و جوانی بەکارهێنانیان لە دروستکردنی هونەرە ڕەوانبێژییەکاندا لە شیعرەکانی نالیدا ئەوەندە زۆرن ، ناکرێت هەر هەمووئەودێرە شیعرانەی ئەم هونەرەی تێدایە شیکردنەوە وڕاڤەکردنیان بۆبکەین ،بەو هۆیەوە و لەبەر سنورداریی قەوارەی لێکۆڵینەوە ، چەند نموونەیەکمان بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوەکە وەرگرتووە.

## بەشی یەکەم

### چەمکی دووبارە کردنەوە و ئیستاتیکای دووبارەکردنەوە:

دووبارەکردنەوە یەکێکە لەو دیاردە ئەدەبییانەی کە بەزۆری لە تێکستە ئەدەبییەکاندا بەکاردەهێنرێت ، ئەم دیاردەیە هەر لەمێژە لە زمان و ئەدەبی نەتەوە ئەوروپاییەکاندا بەکارهاتووە ، وەك لە ئەدەبی ئینگلیزیدا بە وشەی (Repetition )و لە ئەڵمانیدا بە (Wiederholung & Repetition ) ناوبراوە ، دووبارەکردنەوە هونەرێکە بەخواستن و پێچوپەنا دروستدەبێت و لە هەموو بەشە ئەدەبییەکاندا دەبینرێت ، دووبارەبوونەوە ، چەندجارەیی و وەکیەکیی وشە و دووپاتکردنەوەشی پێ دەوترێت، یان کۆمەڵە وشەیەك بەریز و یەك لە دوای یەك لە دێرە شیعرێکدا ، یان لە تێکستێکی کورتدا بە دوای یەکدا بێن. ئەو شوێنانەی کە دووبارەکردنەوەکانی تێدا ڕوودەدات ئەگەری جیاواز هەیە لە فرەواتایی و مانای دووبارەکردنەوەی نوێدا ، هەموو ئەو دووپاتکردنەوانە کاریگەریی مەزنی لەسەر خوێنەر دەبێت .( // wortwuchs.net .https.www )هەروەها لە زمان و ئەدەبیاتی نەتەوەدراوسێکانیشدا ،هەر بەو مانا و واتایە هاتووە ، (بەتایبەت لە ئەدەب وتەنانەت زمانی ئاخاوتنی عەرەبەکاندا ، لەپێش ئیسلامدا وەك دیاردەیەکی بڵاو هەبووە و دواتریش لە شیعرو پەخشان نووسینیشدا گرنگیيان پێداوە و بەگەڕیانخستووە ، لە زانستی ڕەوانبێژی عەرەبیدا بە چەند ناوێك ناوی براوە، وەك التكرار، الاعاده ، الترديد... ،لە توێژینەوە ولێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا هەوڵیان داوە ، چەمك وواتای وێنا بکەن وهۆکاری دەرکەوتنی و ئیستاتیکای یەکارهێنانی لە دەقە ئەدەبییەکاندا دیاریی بکەن")( هناء ،٢٠١٦ ،٤ ) لە فەرهەنگی ئەدبی کوردیدا ، ( دووبارە بوونەوە ANAPHORE . لەگوتاری ئەدەبی کلاسیکیدا ، وەك دیاردەیەکی ڕەوانبێژیی تایبەت بە شێوازی گوتن نووسین ناسراوە ، ئەمەش بریتییە لە دووبارەکردنەوەی وشەی سەرەتایی کۆمەڵە ڕستەیەك ، یان یەکەم دێری ئەو نووسینە "بەیت بۆ شیعر " بۆ بەدەستهێنانی هاوسەنگی و جۆرێك لە ریتم ، هەڵبەت بە مەبەستی بەهێزکردنی بابەتی سەرەکیی نووسینەکە، یان ئاخاوتنەکە وەك "...کوردستان تاقە ئاواتی ژیانم ، کوردستان لانەی شێر و نەبەردانم ، کوردستان سەرچاوەی ژین و مانم ... " لە شیعری کۆن و هاوچەرخی کوردی نموونەی لەم جۆرەمان زۆرە و لە گەلێك لە نووسینەکانیش دەست دەکەوێت.) (ئەحمەد، ٢٠١٢، ١١٤ ).ئەو سەرچاوەیەی سەرەوە لە بواری زانستی ڕەوانبێژیدا و لە ئەدەبی کلاسیکیدا چەمکی دووبارەبوونەوەی لە گوتن وتێکستی ئەدەبی نووسراودا بەرجەستەکردووە ، ئەویش بە دووبارە بوونەوەی وشە تا دەگات بە ڕستە، لەبابەتی ڕەخنەی ئەدەبیدا، (عوسمان دەشتی) لە هەوڵێکی وەرگێرندا بەرهەمێکی ئەدەبی (لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات) لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی، کە بە سەرچاوەیەکی گرنگ و پێویست دادەنرێت ، لە چەند بەشێکی کتێبەکەدا وبەتایبەتی لە بەشی شەشەمدا ئاوڕ لە مەسەلەی ئازادی و بەند لەدووبارەبوونەوەی ئاخاوتندا دراوەتەوە ، ئەویش لەپێناوی زیاتر ڕوونکردنەوە و دروست کردنی هونەرێك ، کە بە هونەری هاوسەنگی لە قەڵەمدراوە و مەبەستیشیان لە هاوسەنگی ، هاوتەریبییە ، کە بەرامبەر زاراوەی ( پارالێلیزم)ی ئەورووپایی دێت و لەهەرسێ ئاستی شیکردنەوەی دەنگی و وشەیی ورێزمانیدا لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە،( صفوی،٢٠١٨، ١٩٥ ) لە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەم سەرچاوەیە دەکرێت بە پاڵپشتێکی زانستی بۆ ڕاوبۆچوونەکان لە بارەی ئیستاتیکای دووبارە بوونەوەکان لە شیعری نالیدا. لە مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا ( ئیبن ڕەشیق، ت ٤٥٨هـ، ٩٩٥-١٠٧٨ز ) لەهەموو نووسەرە ڕەوانبێژە عەرەبە کۆنانەن و بەنوێکانیشەوە، زیاتر ئاوڕی لەم دیاردەیە داوەتەوە و بەشێکی گەورەی لە کتێبە بەناوبانگەکەی ( العمدة) بۆبابەتی دووبارەبوونەوە تەرخانکردووەو ناوی ناوە بەشی (التكرار) دووبارەبوونەوە، )( السيد،٢٠١٧، ٨ ) لەبەر گرنگیی نووسینە زانستییەکانی ئیبن ڕەشیق ، لێرەدا بەکورتی ڕای ئەو زانایە لەبارەی جوانی و چاکە وخراپەی دووبارەبوونەوە لە ئاخاوتن و نووسینی دەقی ئەدەبیدا دەنووسین ، کە دەڵێت (دووبارە بوونەوە ، لە هەندێك شوێندا جوانی و چاکەی خۆی هەیە و لە هەندێك جێگەشدا ناشیرین و خراپ دەکەوێتەوە. زۆربەی دووبارەبوونەوە لە گوفتەکاندا ڕوودەدات بەبێ واتا ،هەرچی ئەوەی لە واتادا بەبێ گوفت بێ ، کەمترە ، ئەگەر گوفت و واتا پێکەوە کۆبوونەوە ، ئەوە ڕیسوایی و دوادوایيە ،لەبەر ئەمە پێویست ناکات شاعیر ناوێك دووبارەبکاتەوە تاوەکو زۆر زۆر خۆشی نەوێت و تامەزرۆ و بە پەرۆش نەبێت بۆی) (الجياشي،٢٠١٧، ١١ ) . کەواتە شاعیری بەتوانا ، بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژیی ئەو دووبارەکردنەوانە بەئەنجام دەگەیەنێت و هەردەم جوانی و ئیستاتیکای دەقە ئەدەبییەکەی بەو هونەرە دەرازێنێتەوە ، بۆیە دەستوپەنجەی لەگەڵدا نەرمدەکات وبەشێوەیەکی هونەری ئەوتۆ ، کەدووبارەکردنەوەکە نەبێتە خەوش و ناشیرینییەك ، بەڵکو بە پێچەوانەوە.

ئیستاتیکای جوانی لە دووبارەکردنەوەدا

شیعر وکۆی پرۆسەی شیعر نووسین بەشێکی زۆر لە هونەری جوانی ورووی گەشکردنەوە و چێژی ئیستاتیکای تێدایە ، بێگومان هەر یەکە لە دەنگ و وشە و زاراوەکان ، بنەمایەکی سەرەکین لە پێکهاتەی تێکستە شیعرییەکاندا، کە وەك فۆرمێك بۆ چێژبەخشین چ لە گۆشەنیگای دەرەوەی دەقەکەبێت ، یان لە ناوەوەیدا ، کە خۆی لە ناوەڕۆك و مۆزیك و ئاواز و ڕیتمی دەنگ و وشەکاندا بێت . زمان زیاتر بۆ جوانکاریی دەق و داڕشتنی بابەت وکەرەستەی دەربڕینی هەست و سۆز و ناخی نووسەرەکەیە ، ئەم فاکتەرە دەبێتە مۆتیڤێکی بەهێز، کەوا لەشاعیر دەکات لە ڕووی زمانی باڵاوەهەوڵبدات جۆرە دەقێکی سەرنجراکێش پێشکەشی خوێنەربکات،، لەم جۆرە زمانەدا لایەنی ڕەوانی و جوانی ڕۆڵی لەبەرچاوی هەیە لەبواری هەڵبژاردنی وشە ودەستەواژەو ڕستەی دانسقەدا، هەر بۆیە ڕەخنەگر وتوێژەرێکی وەك ( عصام شرتح) ، لە توێژینەوەیەکیدا بەناونیشانی ( مایە و حەقیقەت وراستی جوانی لە شیعری نزار قەبانیدا)، لە ڕێگای بیرکردنەوە وچەند پرسیارێك بۆ نموونە : (ئایا جوانی چەند پێوەرێکی دیاریکراوی هەیە ، بە گوێرەی ئەو پێوەرانە بڕیارە ڕەخنەییەکان لە دەقێکی شیعریدا دیاری بکرێت ؟ کەی دەتوانین سەرکەوتووبین لە بڕیاردان و دیاری کردنی ئیستاتیکا و جوانی، یان ناشیرینی دەقێك؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسانە ڕوو لە هەست و ئیحساس بە جوانی دەکات ، بە بۆچوونی ئەو هەستکردن بە جوانی خۆی لە خۆیدا هەستێکی داهێنەرانەیە و بناخە و بنچینەی داهێنانیش جوانییە ! وجوانی وەك سەرمایەیەکی دەق، لە ئەفرانم وهێنانە کایەی زمانێکی داهێنراوی پڕ لە جوانی وڕێباز و شێوازێکی گوزارشتکردن و دەربڕینی نوێیە لە داڕشتنی دەقێکی شیعریی پڕ لە بنەماکانی جوانیدا )( شرتح www Alkalima.net. ) بەشێکی زۆر و دیاری ئیستاتیکا و جوانی دەقەشیعرییەکان ، لە هونەری دووبارە کردنەوە و جوانیی فۆرم و ناوەڕۆکی مۆرفیم و وشەو دەستەواژە دووبارەکراوەکاندا خۆیان دەنوێنن ، لە شیعری کلاسیکیدا ئەم بابەتە ، واتە زمانی شیعری و ئیستاتیکای داڕشتنی زمان ، بایەخ وگرنگیی زۆری پێدراوە و بە شێوازێکی جوان و سەرکەوتوو و باڵا دەستیی شاعر ، لە قەڵەم دراوە، تێبینییەکی پێویست لەبەرئەوەی هونەری دووبارەکردنەوە و جوانی بەکارهێنانیان لە دروستکردنی هونەرە ڕەوانبێژییەکاندا لە شیعرەکانی نالیدا ئەوەندە زۆرن ، ناکرێت هەر هەموو ئەو دێرە شیعرانەی ئەم هونەرەیان تێدایە شیکردنەوە وراڤەکردنیان بۆبکەین ،بەو هۆیەوە و لەبەر سنورداریی قەوارەی لێکۆڵینەوە ، چەند نموونەیەکمان بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوەکە وەرگرتووە.

## بەشی دووەم:

دووبارەبوونەوە لەشیعری نالیدا

بێگومان دووبارەکردنەوە هونەرێکە بەتایبەتی لە شیعردا ، بە یەك جۆر و شێوە ئەو هونەرە دروستنابێت ، بەواتایەکی دیکە پرۆسەی دووبارە کردنەوە کە مەبەستی هونەریی وجوانکاری لە پشتەوەبێت ، دەبێت تەنیا بە دووبارەکردنەوەی دەنگێك ، یان وشەیەك نەبێت و سەرنەکێشێت بۆ بەشەکانی تری مۆرفۆلۆژیا و تەنانەت سینتاکسیش .بۆیە دەبێت لە بچووکترین کەرەستەی (دەنگ)ییەوە ،باس لە دووبارەکردنەوەکان بکرێت .

دووبارە بوونەوەی فۆنێم لە شیعردا ، بەگشتی ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ سروشتی شیعر خۆی ، کە ئەوە دەخوازێت دووبارەکردنەوەی دەنگی وبەتایبەت فۆنێمی زۆرتێدابێت ،( دووبارەبوونەوەی دەنگی ، دەشێ یەك فۆنێم ، یا چەند فۆنێمێك لەناو برگەیەکدا بێت،برگەیەك بەتەواوی ، یاخود بەدوای یەکداهاتنی چەند برگەش بگرێتەوە. پێویستە ئاماژە بۆ ئەوخاڵە بکەین کە دووبارەبوونەوەی ئاخاوتن لەسەر هەرئاستێکی شیکاری کە دەبێتە مایەی لێکۆڵینەوە ، جۆرێك لە دووبارەکردنەوەی دەنگی تێدایە )( صفوی، ٢٠١٨، ٢١٧ ) ئاشکرایە کە یاسا و دەستوری شیعری کلاسیکی ئەوە دەخوازێت بەپێی سیستێمەکانی زانستی عەروزی عەرەبی بێت و تەفعیلەکان لە نیوەدێڕەکاندا بەرامبەر بە یەکتر بن " ئەمە بۆخۆی زۆر جار دووبارە بوونەوەیەکی دەنگی دروست دەکات . ئەم بۆ چوونە تەواو تەواو بۆ بابەتی سەرواش دروستە .

تا تایی سەری طورەیی پڕ پێچشی بادا

هەر تایەکی بارێکی گوڵ و نافە بە بادا ( دیوان، ١٩٧٦، ٨٣ )

دووبارەبوونەوەی فۆنێمی) تا( لە سەرەتای ڕستەکەدا ولە سەرەتای دووەم وشەی (تایی) ، دووبارە بوونەوەی فۆنێمن لە چوارچێوەی مۆرفیمدا

، هەروەها دووبارە بوونەوەی فۆنێمی (با) لە هەردوو وشەسەروای کۆتایی نیوەدێری یەکەم و دووەمدا ( بادا) جگە لەوەی سەروا و ڕیتم و ئاوازی ناوەوەیان دروستکردووە.لە ڕووی هونەری ڕەوانبێژییەوە ، جوانییەکەی لەوەدایە ،کە (لە کۆکردنەوەی (تا)ی یەکەم ودوەهەمو سێیەم و کۆکردنەوەی (تا)ی دووەم و(بار)دا ، کە (بار) دوو تایە ، واتە تای هەیە ، تەناسوب هەیە. جگە لەو موبالەغەیەش کە لە کات وکۆکردنەوەی تا و باردا هەیە کە چۆن یەك تەڵ مووی بەرامبەر یەك بار گوڵ و نافە داناوە لەوکاتە کەمەدا.) (مدرس، ١٩٧٦ ، ٨٣) هەروەها لە نێوان هەردوو وشەکانی (بادا )دا ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە.

گوڵ هاتە دەرێ، لافی لەحوسنی بوتی ما دا

لەرزی قەدی بەرزی ، لەرِقا زوڵفی کە با دا ( دیوان ١٩٧٦ ، ٨٣ )

لەو دێڕەشدا ، لە کۆکردنەوەی (ما دا) و (با دا) و ( لەرزی) و (بەرزی) دا ، بە هۆی مۆرفیمەکانی ( دا) و (ی) هوە ، ڕەگەزدۆزی پاشکۆ هەیە، کە جوانییەکی بە شیعرەکە بەخشیوە ، ئەویش بەهۆی خولقاندنی ئاوازی ناوەوە بە شیعرەکە.

دووبارەبوونەوەیەکی دەنگی بە شێوەیەکی هونەری و تارادەیەکیش بەڕازاندنەوە و شێوە ئەندازەییەك ڕێکوپێك ، کە لە نێودێڕە شیعرەکاندا .هاوتەریی وپەرەلێلیزمێك ، لەسەر یەك هێڵ دووبارەبوونەوەکە ئەنجامدراون. وەك لەم دێڕانەدا:

خاو و بێ خاوی دوو زوڵفی خاوم ئەز

چاوە چاوی یەك غەزالە چاوم ئەز

گەر نییە ئاور لە سینەمدا بە تاو

بۆچ لەبەر قوڵقوڵ غەریقی ئاوم ئەز؟!

ناری سینەم گەر نەبێ ، غەرقم ئەمن

ئاوی چاوم گەر نەبێ ، سوتاوم ئەز ( دیوان ١٩٧٦ ، ٢٢١ -_-٢٢٢)

دووبارەبوونەوەی ( خاو) سێ جار لە نیوە دێری یەکەمدا ، هەرجارەی بەئەرك و مانایەکی جیاواز ، خاوی سەرەتا، بەواتای (دژی گرژی) یە ، خاوبوونەوەی جەستەی ناڵی خۆی ، لە دووەم بەکارهێنانیشدا ، بێ (خاو) ی مەبەستی لە بێ خەوییە ، سێیەمیش ئاوەڵناو و وەسفێکی قژی یارە ،کە پێچەوانەی لوولی و ئاڵۆزییە. هاو تەریب لە نیوە دێری دووەمدا لەژێر خاو وبێ خاوی ، چاوە چاوی داناوە و لە کۆتایی هەردوو نیوە بەیتەکەدا ، وشە خاوم و چاوم ی کردووە بە سەروا . سەرباری ئەوە پاش سەروا ( ردیف) یێ جوانیشی تێدایە . کە جێناوی( ئەز)ە ،

لە سەرەتای دێری سێیەمدا : ناری سینە م غەرق م ئەمن

گەر نەبێ

ئاوی چاو م سوتاو م ئەز

لەو دێڕە شاکارە هونەرییەدا بە دووپاتکردنەوەی فۆنێمی (ی) لە دوای نار و ئاو ، هەروەها فۆنێمی (م) لەدوای وشەکانی ( سینە م ، غەرق م ، چاو م ،سوتاو م ) ، هاوسەنگی و هاوتەرییەکی زمانی و هاوکات لەڕووی ڕوخسار و فۆرمی هەموو پارچە شیعرەکەشەوە ، ڕەوانبێژییەکی تەواو و جوانی و بەهایەکی ئیستاتیکی بە شیعرەکە بەخشیوە .

پێوەندییە واتاییەکە لە نێوان بەشی یەکەمی ڕستەشیعرییەکە( ناری سینەم ) و بەشی دووەم و کۆتایی دێڕە شیعرەکەدایە ( سوتاوم ئەز) واتە پێوەندییەکە لە ئاسۆییەوە بۆ ستوونی دەگوازرێتەوە و لە نیوە دێری دووەمدا (ئاوی سینەم )سەرەتای دێرەکەیە پێوەندی بە کۆتایی نیوەدێری یەکەمەوە (غەرقم ئەمن) هەیە. لەڕووی واتاو ناوەڕۆکی شیعرەکەوە ، ئەم شیکردنەوەیە هەڵدەگرێت ( ژیانم لەسەر بوون و کۆبوونەوەی دوو شیتی دژی یەك بەندە: ئاگر وئاو ، ئاگری سینەم و ئاوی چاوم . ئەگەر ئاگری سینەم نەبووایە ، کە ئەوەندە بەتینە تەنانەت بەری ئاویشی پێ ئەگیرێ ، لەبەر فرمێسکی زۆری چاوم ئەخنکام و، ئەگەر ئاوی چاوم نەبوایە کە ئەوەندە بەهێزە هەر ئاگرێکی بێتە پێش ئەیکوژێنێتەوە، بە ئاگری سینەم ئەسووتام)( مودەریس، ١٩٧٦، ٢٢٢ )کەواتە لەم هاوکێشەیەوە بۆ دەردەکەوێت ، کە دووبارەکردنەوەی فۆنێمەکان لەئاستی ئاسۆیدان و کاریگەرییەکەیان لەسەر ئەو وشەیەیەکە پێیەوە دەلکێنرێن کاریگەرییەکەیان لە ڕووی فۆرم و ڕوخسارەوەیە

، بەڵام دووبارە کردنەوەی فرێز و ڕستەکان ، وەك ( گەر نەبێ) لەئاستی ستونیدان و پێوەندیی واتایی دروست دەکەن ، بەواتایەکی دیکە ، کاریگەرییەکە لە ناوەڕۆکدایە .

لەم دێڕەی خوارەوەدا ، فۆنێمی (ی) بەشێوەیەکی یەکسان و لە چەند جێکەوتەیەکی دیاریکراودا ، سێ جار لە نیوەدێڕی یەکەم و سێ جار لە نیوە دێری دووەمدا دووبارە بووەتەوە، ئەرکی مۆرفۆسینتاکسی خۆیان و جوانییان لەڕووی مووزیك و سەرواى ناوەوە بە دێڕەکە بەخشیوە .لەبارەی ئەم دەنگەوە ، مامۆستا مەسعود محەمەد بۆچونێکی هەیە، هەرچەندە وەك (پیت) باسی لێوەدەکات ، بەڵام دیارە مەبەستی دەنگ و فۆنێمە و دەڵێت(پیتی ی سروشتێکی نەرم وشلی هەیە لەسەر زمان سوك دێ،ئەم نەرمی و شلییە وای کردووە (پیتی (ی) بەئاسانی بێتە ناو وشە وبەئاسانی بسوێ وبچێتەوە ،کورد ئەم لایەنەی بە سەلیقە هەست پێ کردووە و بەجۆرێك لە گەڵیدا ڕفتاری کردووە هەر دەڵێی بە(صراحە)تێمان دەگەیەنێ وپێمان دەڵێ مامڵەتم لەگەڵ پیتی (ی) دا مامڵەتێکی تایبەتە نەك لێی بەسەهوو بچن )( محەمەد،٢٠١١، ٣١ ) ، هەروەها لە دووەم وشەی هەردوو نیوە دێڕەکەدا وشەی (نییەتی ) دووبارە بووەتەوە، (نییەتی) یەکەم بە واتای نیاز ، مەبەست و لە نیوە دێڕی دووەمدا بە واتای نەبوونی شتێك ،نەگەتیفی (هەیەتی ) بەکارهاتووە ، واتە هێزی دڵ و توانای داهێنانی نییە ، لە کۆکردنەوەی هەردوو وشەکە لە دێڕەشیعرێکدا ، دوو هونەری ڕەوانبێژی درووستکردووە ، ڕەگەزدۆزی تەواو و هاوتایی (طیباق )یش ، ئەمە جگە لەوەی لەواتاو ڕاڤەکردنی شیعرەکەدا دەردەکەوێت ،کە وەرگرتن ( ئیقتیباسی ) لە فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) کردووە و (ان من الشعر لحكمة وان من البيان لسحرا) و لە نیوەی دووەمیشدا ئیقتیباس لە ئایەتی (أأنتم أنشأتموها، أم نحن المنشئون) ( مودەریس ،١٩٧٦، ٧٨ )،

(نالی ) نییەتی سیحری بەیان ، حیکمەتی شیعرە

ئەمما نییەتی قوەتی دڵ ، قودرەتی ئینشا ( دیوان ، ١٩٧٦ ، ٧٨ )

لەلایەکی دیکەوە ، لەودێڕە شیعرەدا وشەی ، یان دەستەواژەی (نییەتی) ، بە شێوەیەکی هاوچەشنی تەواو دووبارە بوونەتەوە ،( هاوچەشنی تەواو دەشێ لە نێوان دوو وشەی هاودەنگ و هاو ڕێنووسدا بێت ،) (صفوی، ٢٠١٨ ، ٢٥٨ )یەکەمیان بەواتای (نیاز ، مەبەست ) و دووەمیان بەواتای نەبوونی شتێك .

لەگەڵ ئەو شیکردنەوە و لێکدانەوەی سەرچاوەی پێشوودا ، ڕاوبۆچوونێکی نوێش هەیە سەبارەت بە ڕاڤەی ئەو دێڕە شیعرەی نالی (ڕێبوار سیوەیلی ) دەڵێت ( ئەو بێ توانایيەی شاعیر لەئاست بەیانکردنی ساتی ڕووداوی شیعریدا دەردەخات )( سیوەیلی، ٢٠١٥، ٢٦٠ ) ، واتە (نالی دەڵێت : ئەوە حیکمەتی شیعرە ناهێڵێت ڕووداو بەیان بکرێ وبەرجەستە بکرێ . ) ( سیوەیلی، ٢٠١٥، ٢٦٠ ) واتە ئەوە حیکمەت و فەلسەفەو سروشتی خودی شیعر خۆیەتی ڕێگرە لەبەردەم بەتەنکردن و بەرجەستەکردنی ڕووداوە شیعرییەکەدا.

دووبارە بوونەوەی وشەی ( ڕەنگ ) بە خستنە سەر و زیادکردنی مۆرفیم و بەرهەمهێنانی وشەی نوێ ، ئەو وشە دووبارەکراوانە واتای نوێ و ئەرکی ڕێزمانی دیکەیان دەبێت . لە هونەری دووبارەبوونەوەدا (هاوچەشنی تەواو دەکرێ لە نێوان فۆرمگەلێکدا ڕووبدات ، کە هەریەکەیان ڕۆڵی ڕێزمانی جیاوازی هەبێت ) (صفوی، ٢٠١٨ ، ٢٥٨ ) وەك لەم دێڕەی خوارەوەدا :

ڕوخم ڕەنگینی ڕەنگی ڕومەتی ڕەنگینتە بازا

قەدی سەروم کەمانیی قەدی شیرینتە بازا ( دیوان ،١٩٧٦ ، ٩٥ )

فۆرمی (ڕەنگینی ) ، واتە ڕنگاوڕەنگیی . کە لەوشەی( ڕەنگ) ،کەناوێکی گشتییە بووە بە ئاوەڵناو ، هەروەها فۆرمی ڕەنگینتە ، واتە ڕەنگینی تۆیە، ئەو بزوێنە(ە) کرداری ناتەواوە ، مۆرفیمی کاتی ئێستایە .

دووبارە بوونەوەی وشەی (چین) وفۆرم و هاوێژەکانی تری لەم شیعرەدا:

خەتات فەرمووکە خۆشە چین و ماچین

کە ناچین لێرە خۆشە چینی ماچین

بڕۆت هەر چین و پەرچەم چین لەسەر چین

ئەمەندە چینە ، قوربان ، پێم بڵێ چین( دیوان ١٩٧٦ ، ٣٤٥ -،٣٤٦)

لەو پارچە شیعرە ناوازە و دەگمەنەدا ، ١٦ شازدەجار وشەی (چین) بە زیادکردنی مۆرفیمەکانی پێشگر و پاشگرەوە دووبارەبووەتەوە و تەنیا لەو دوو دێڕەدا ، ١٠ دەجار دووپاتکراوەتەوە . پێنج جار بەتەنیا و پێنج جاریش ، لەگەڵ مۆرفیمەکاندا لە فۆرم و شێوەی جیاوازدا دووبارە بوونەتەوە .

دەستەواژەی (چین و ماچین) ناوی بەشێکی باکوری وڵاتی چینە ،

ناچین = ناکردنی کاری چوونە ، لەگەڵ (ین) جێناوی لکاوی کۆ کە دەگەڕێتەوە بۆ ئێمە.

چینی ماچین واتە کۆمەڵە و تەبەقە وچین و گروپەیەکین، کە حەزلەماچ دەکەین وچینی ماچوموچین.

لە نیوەدێری برۆت هەرچین........دا ، سێ جار (چین) بەیەك ڕێنووس ویەك تۆن و دەربڕین دووبارەبووەتەوە،کەلە هەرسێکیاندا هەر بەواتای طەبەقە وچینە ، لە دەستەواژەی (چین لەسەر چین)دا بەهۆی ناوی شوێنی (لەسەر) کەلە نێوان دوو چین دایە پرێپۆزیشنێکی شوێنی لێکدراوی دروستکردووە. کەبەواتای تەبەقە لەسەر تەبەقە و چین چین دێت. لە نیوەدێڕی کۆتایی دێری دووەمدا : ئەمەندە چینە ..... ، بە خستنە سەری بزوێنی (ه) ، کە فۆنێمێکە و هەر بەواتای تەبەقە بەکارهاتووە و لە کۆتاییشدا لە ڕستەی (پێم بڵێ چین ) ، (چین) ی کۆتایی، وەك ئامرازێکی پرس بەکارهێنراوە .

بەکارهێنانی ئەو جۆرە دووبارەکردنەوانە لە شیعری نالیدا بەزۆری بەرچاو دەکەون ، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەون ، کە چۆن دووپاتکردنەوەکە پانتایی واتای وشەکان فراوان دەکەن.

دەم   دەم کەدەکا زاری پڕ ئازاری بە غونچە

بۆ دەعوەتی ماچی لەبە گۆیا دەمی نادا       ( دیوان ١٩٧٦ ، ٨٤ )

لەو دێڕەی سەرەوەدا ،جگە لە دووبارە بوونەوەی (دەم) ، دووبارەبوونەوەیەکی جوانی ئاوازی ناوەوەش لە وشەکانی (زاری) لەگەڵ (ئازاری)دا دەبینرێت .

ئاوی سوێری چاو و باری تاڵی لێو

سوێر و تاڵی دەم دەم و ژەم ژەم دەخۆم  ( دیوان ١٩٧٦ ، ٢٩٦ )

لەو دێڕەی سەرەوەشدا هونەرمەندانە  جووتە وشەی دەم دەم و ژەم ژەم ی دووبارە کردووەتەوە. جگە لە دووبارە بوونەوەی دەنگ ، کە بریتییە لە دووبارەبوونەوەی چواردەنگ ( د ،ە، م ، ژ، ڕیتمێکی موزیکی و ئاوازی ناوەوە، کە دەکرێت وەك سەرواى ناوەوە ناوببرێت دروستکردووە.

بەپێی بنەمای زانستی ، ئەو وشە دووبارەبووانە ،لە کێڵگەی ڕۆناندا ، بۆ ئەوە دووبارە دەبنەوە ، تاوەکو ڕۆڵێکی ڕێزمانیی تایبەت لە پێکهاتەی ڕستەدا بگێڕن ،هاوچەشنی بەهەردوو جۆرەکەیەوە دێتەکایەوە ( مەبەست لە هاوچەشنی ناتەواو،لێکچوونی دەنگی لە بەشێکی نێوان دوو ، یان چەند وشەدایە و هاوچەشنی تەواو لەبنەڕەتدا بریتییە لە لێکچوونی دەنگی تەواو لەنێوان دوو، یا چەند دانەیەکی ڕێزمانی، یاخود دووبارەبوونەوەی  هەمان دانەی ڕێزمانییە) (صفوی، ٢٠١٨ ، ٢٥٣  ) . جۆرێکی دیکە لە دووبارەکردنەوەی وشە ، یان دەستەواژە هەیە لە ڕەوانبێژی یۆنانیدا پێی دەوترێت Anadiplose ، ئەم جۆرە دووبارەکردنەوەیە بەو شێوەیە دەبێت ،کە وشەیەك لە کۆتایی ڕستە، یان دێڕە شیعردابێت ولە سەرەتای ڕستەی دووەم یان نیوەدێڕ ودێڕەشیعری دوایدا دووبارە بکرێتەوە ، وەك لەم نموونەیەی خوارەوەدا وشەی ( حەنایی) لەکۆتایی نیوەدێڕی یەکەمدا ، لە سەرەتای نیوەدێڕی دووەمدا دووباترەبووەتەوە.

وەرە بنوارە دوو دەستی حەناییم

حەنایی چی ؟ هەموو خۆ خوێنە قوربان    ( دیوان ١٩٧٦ ، ٣١٥  )

یەکێکی دیکە لە جوانی هونەری دووبارە کردنەوەکان لەسەرەتادایە ، وەك لەم نموونەیەدا دەبینین ، ئامرازی نەرێی (نە)  لەسەرەتای هەردوونیوە دێرەکەدا دووبارە بووەتەوە .

نەمردم من ئەگەر ئەم جارە بێ تۆ

نەچم شەرتبێ هەتا ئەو خوارە بێ تۆ  ( دیوان ١٩٧٦ ، ٣٨٠)

دووبارەبوونەوەی پاش سەروا ، کە بەعەرەبی (رديف) ی پێ دەڵێن گرنگی و بەهای ئیستاتیکی خۆی هەیە، لە هونەری ڕەوانبێژیدا ، زۆر جار ئەگەرپاش سەروا لابرێت زیان بە شیعرەکە ناگەیەنێت بەڵام ئەم وتەیە بۆ پاش سەرواکانی نالی و دووبارە بوونەوەیان دروست نییە ، چونکە پەیوەستن بە بیر وبۆچوون و واتا و مەبەستی شاعیرەوە ، بەوکاری دووبارەکردنەوەیە ، دەیەوێت زیاتر جەخت بکاتەوە،کە کێ مەبەستە ،! ئەمە جگە لەوەی لەتەواوی پارچە شیعرەکەدا ، چەندین جۆری دیکەی لە

دەروونم خاڵییە، وەك نەی دەناڵێ

هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ

*****

لەکن تۆ خاروخەس گوڵزارە بێ من

لەکن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ

لەکن من با وجودی ناس و ئەجناس

کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ ( دیوان ١٩٧٦ ، ٣٨٠)

لەو چامە لیریکییەدا ئەمەندە بەچڕی و جوانی دووبارەکردنەوەی تێدایە ،کە لە ژمارە نایەن وئەم دیاردەیە لەدیوانە شیعرییەکەیدا بەزۆری بەچاودەکەوێت لێرەدا ناکرێت هەرهەموویان بنووسین و شیکردنەوە و توێژینەوەیان لەسەربکەین ، تەنیا چەند نموونەیەك دەنووسین کە لە جۆری دووبارەکردنەوەکەدا جیاوازی هەبێت .

کەتۆقیبلەی دەمت سابێنە قوربان

لەسەر قوبلە دڵم مەشکێنە قوربان

وەرە بنوارە دوو دەستی حەناییم

حەنای چی ؟ هەموو خۆ خوێنە قوربان ( دیوان ١٩٧٦ ، ٣١٥ )

لەو پارچە لیریکەدا ،جگە لە دووبارە بوونەوەی وشەی کۆتایی دێڕەکە لەسەرەتای دێڕی دووەمدا، دووبارەکردنەوەی دەنگی و وشەیی دیکەی زۆرتێدایە وەك دەنگی (ق) بۆدروستکردنی سەروا ، ئاوازی ناوە وە ، هەروەها وشەی قیبلە و قوبلە بۆ دروستکردنی هونەری ڕەگەزدۆزی ، کەپێشتر باسی لێوەکراوە ، لەکۆتایی نیوەدێڕ و بەیتەکانیشدا چەند جارێك بە شێوەیەکی بەڵانس کراو وشەی (قوربان ) دووبارەبووەتەوە.

دووبارەبوونەوەی ڕستە، یان بەشێکی ڕستە

لە زمانی کوردیدا ، بچووکترین وکورتترین ڕستە، دەشێت لە دوو دانەی ڕێزمانی پێکبێت، وەك (ئازاد هات) ، ناوێك وکارێك، جگە لەوە ڕستە پێویستی بە چەند یەکەیەکی ڕێزمانی دیکە هەیە ، لە پێکهاتەی ڕستەدا بەشدار دەبن ، لێرەدا بەپێویست نازانرێت ، قسەیان لەسەر بکرێن. ( دووبارەبوونەوە لە ئاستی ڕستەدا لە بنەڕەتدا دووبارەبوونەوەی ئەم کۆمەڵە ڕەگەزە ڕێزمانیانەیە ، بە مەرجێك لە سنووری گرێدا شیاوی شیکردنەوە نەبێت . دووبارەبوونەوە لە ئاستی ڕستەشدا دیسانەوە دەشێ ، بە هەردوو چەشنی ناتەواو وتەواو ڕوونبکرێتەوە.) )( صفوی، ٢٠١٨ ، ٢٦٢-،٢٦٣ ) .هەروەکو لە دووبارەکردنەوەی فۆنێم و وشە و دەستەواژەکاندا بینیمان ، دووبارەبوونەوەی ڕستە بەشێوەیەکی تەواو ، یان بەشێکی سەرەکی لە ڕستە لە دێڕە شیعرەکانی نالیدا ، بەشێوەیەکی هونەریی جوان دووبارە بوونەتەوە ، نالی لە چامە دوروردرێژە ٦٨ شەستوهەشت بەیتییەکەیدا ،( لە گفتوگۆکردنیدا لەگەڵ پێغەمبەر(د.خ) کە پێی ئەڵێ (ساکن) ، دەیەوێت ئەوە پیشان بدات ، کە پێغەمبەر لە ڕیزی مردوان نییە) (مودەڕیس، ١٩٧٦ ، ٣١٥ ) لە چامەیەدا گەلێك دووبارە بوونەوەی ڕستەی تەواو و ناتەواوی تێدا ، بە ڕێژەیەك ئەو هونەرەی بەئەنجام گەیاندووە و لەگەڵ زۆرییەکەیدا بەهیچ جۆرێك نەبووە بە خەوش و زیانی بە شیعرەکە نەگەیاندووە ، بەڵکو زیاتر بنەماکانی شیعرییەتی چەسپاندووە و هونەری جوانی و ڕەونەقێکی زیاتریشی بە دەقەکە بەخشیوە.

ئەی ساکینی ڕیاضی مەدینەی مونەووەرە

لوطفێ بکە ، بفەرموو: مەدینەی منەو، وەرە ( دیوان، ١٩٧٦ ، ٤١٥ )

لەو دێڕەدا ، بەشێکی گرنگ و سەرەکی ڕستە شیعرییەکە ، لە نیوەدێڕی دووەمدا دووبارەکراوەتەوە، دووبارەبوونەوەیەکی هونەریانەی پۆزەتیف و جوان ، کە بەبێ ئەوەی مۆرفیمێکی کەم ، یاخود زیاد بکات، تەنیا بەدانانی (،) کۆمایەك ولەکاتی خوێندنەوەیدا وەستانێك ، یان درێژکردنەوەیەکی موزیکی بێژەیی ، گۆرانێك دروست دەکات و دەبێتە هۆی کاریگەرییەکی دەروونی و سەرنجراکێشی جوان لە لای شاعیر وخوێنەری شیعرەکەش ، دووبارە بوونەوەی ڕستە ، یان بەشێکی ڕستە ، سەرنج ڕاکێشترە لە دووپاتکردنەوەی تەنیا وشەیەك ، یان مۆرفیمێك.

طەیبە کە یەعنی عەکسی بەقیعی هەموو عەبیر

طەیبە کە یەعنی مایەیی ئەو مشکی ئەذفەرە

طەیبە کە یەعنی ڕۆژ و شەوی طیبی عالەمە

ڕۆژی کە وشکە ، شەو تەڕە ، کافور و عەنبەرە ( دیوان ١٩٧٦ ، ٤١٦، ١٧، ١٨ )

لە دووبارە کردنەوەی ڕستەی (طەیبە کە یەعنی) دا ، نالی دەیەوێت واتاو مانای زێدەتر بە وشەی (طەیبە ) ببەخشێت و ئەرکی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی ئەو ماناو مەبەستانە ، بەهونەری دووبارەکردنەوە بسپێرێت ، سەرباری ئەوەش ، چەند هونەرێکی ڕەوانبێژی لە دووبارەبوونەوەکەدا دروست دەکات ، وەك: ١-واتای( طەییب، ئەو شارە طەیبەی ، کەوا ڕەنگ و بۆندانەوەی ( جنة البقيع)ە ، پێچەوانەی ( بەقیع ) ، عەبیق، واتە بۆن وبەرامەی خۆش .٢- طیب : کافور ، دەرمانێکی بۆن خۆشی سپی ڕەنگە ٣- ئەو شارە طەیبە، بەشەو و ڕۆژ خۆشە ، ئاماژەیە بە ئاو و هەوای شاری مەدینە) (مودەریس، ١٩٧٦ ، ٤١٦، ١٧ ) لەو هونەرە ڕەوانبێژیانەی کەبەهۆی دووبارەکردنەوەوە دروستی کردوون ، هونەری ڕەگەزدۆزی تەواو ، ڕەگەزدۆزی پێکهاتەیی ، ڕەگەزدۆزی موحەرەف ، ڕەگەزدۆزی پاشکەوتوو ، (طباق، هاویەك ، چونیەك ، کوتومت ( تەناسوب ، هاوشێوەیی ، چوونەوەسەریەك ) .

ئەو سێبەرە کە قوببەیی فیردەوسی باقییە

ئەو سێبەرە کە خێوەتی صەحرایی مەحشەرە

ئەو سێبەرە کە عالەمی عولوی لە نورییە

شەمس ونجوم و هەرچی لەواندا موقەڕرەرە

ئەو سێبەرە کە مەظهەری حوبی خودایییە

کەنزی موطەلسەمی نەظەری حەیی ئەکبەرە ( دیوان ١٩٧٦ ، ٤٢٤ )

لەم دووبارەکردنەوانەدا ، جگە لە نموونەکانی پێشوو ، لە دووبارەکردنەوەی بەشێکی ڕستەدا ، هاوچەشنی لەڕووی وشە و پێکهاتەی ڕستەشەوە دێتە بەرهەم ، لە دووبارەبوونەوەی سەردێڕی ( ئەوسێبەرە کە ) ،کە ڕستەیەکی سەرەکییە ، لەگەڵ بەشەکانی دواتردا ،کە بە ڕستەی شوێنکەوتوو دادەنرێت ، واتە ( هەر نیوە دێڕێك لە ڕستەیەکی سەرەکیی و ڕستەیەکی شوێنکەوتوو پێکهاتووە ، ڕستە سەرەکییەکانی هەر نیوە دێڕێك ،لە پەیوەندییەکی هاوچەشنی تەواو و ڕستە شوێنکەوتووەکانیش لە هاوچەشنییەکی ناتەواوندان لەگەڵ یەکتری ) (صفوی، ٢٠١٨ ، ٢٦٣ ) ، دووبارەکردنەوەی بەشێکی ڕستە ، بەپێی زمانی شیعر و سەلیقەی شاعیر دەگۆڕێت ، هەربۆیە لە دیوانی نالیدا ، گەلێك جۆری دووپاتکردنەوەی ڕستەو بەشێکی ڕستە دەبینرێن ، وەك ئەم نموونە خوارەوە :

ئەلا ئەی ئاسکی ، ناسك بە باسك

شکاندت گەردنی سەد شێری شەرزە

ئەلا ئەی نازەنین ئاهو ، بە باهو

دڵی صەیادی خۆت هێنایە لەرزە ( دیوان ١٩٧٦ ، ٤٤٩ )

ئەم جۆرە دووبارە کردنەوەیە ، لای نالی دەکرێت بەدووبارەکردنەوەی تەواوی (چەمك و واتا) لەقەڵەم بدرێت ، ئەویش بەدووبارەکردنەوەی ڕستە دەبێت ، بەڵام بەگۆڕینی وشە و دەستەواژەکان ، بە هاوواتا و سینۆنیم ، یان ناوێکی بەرامبەر لە زمانێکی هاوسێ و سەر بەیەك خێزانە زمان .

وەك دەبينرێت لە نيوەدێڕی   ئەلا ئەی  ئاسكی ، ناسك بە باسك : هەر هەمان نيوە دێڕە لە سەرەتای بەيتی دووەمدا بەتەواوی  بەهەمان واتا دووبارە بووەتەوە .

سەرەتای ڕستە شيعرييەكە (ئەلا ئەی) ، وەك خۆی بەبێ ئەوەی گۆڕانی بەسەردا بێت  دووبارەبووەتەوە ،  لە جێگای وشەی (ئاسك) ،كەناوی ئاژەڵێكی جوانە شاعيران ، كچ وژنی پێدەچوێنن ، لێرەدا وشەی( ئاهو) كە ئەويش هەر ناوە و لە هەندێك لە نيمچە ديالێكت و ناوچەكانی كوردستان  بەرامبەر بە وشەی ئاسك لە ئاخاوتندا بەكاردێت و بووە بەناوی كچانيش ، ئەمە جگە لەوەی لە زمانی فارسيدا بەرامبەر بە (ئاسك) ی كوردييە، شاعير جێگۆركێی بە هەردوو وشەی نازەنێن و ئاهو كردووە.هەروەها هەردوو وشەی( نازەنين و ناسك )دوو ئاوەڵناون، نالی لە دێڕی دووەمدا لە برێتی ناسك ،( نازەنين) ی داناوە .

گوتم : ڕاستی صەبا هەڵسە !گوتی : مەشرەب موخاليفيە

گوتم : نارێ ، گوتی : بايە ،گوتم: ئەوجێ ،گوتی دورە

گوتم : قوربانی تۆ من بم، گوتی : قوربانی تۆ سەگ بێ

گوتم: شيشەی دڵم ناتوێ ؟ گوتی: بۆچيمە مەكسورە   ( ديوان،١٩٧٦ ، ٤٠٩ )

لەو دوو بەيتە سەرنجڕاكێشەدا (نالی) ڕستەی سادەی (گوتم) پێنج جار و(گوتی) پێنج جار بەشێوەی يەكسان و لە هاوشوێن ويەك جێكەوتەی ڕێزمانيدا دووبارەكردووەتەوە . زۆر بە شارەزايی  وەك زمان زان و زمانناسێك،لە داڕشتنی ڕستەی پرس و وەڵامدا، جوانی و ڕەونەق وئيستاتيكای هونەری دووبارەكردنەوەی لەم دوودێڕەدا بەرجەستەكردووە . ئەم دوودێڕە وەك ديالۆگێك وايە ، كە (نالی ) گفتوگۆ لەگەڵ كەسێكدا دەكات.
لێرەدا هونەری دووبارەكردنەوەكە تەوەری توێژينەوەكەيە ، نەك لێكدانەوە وڕاڤەكردنی شيعرەكە ، هەرچەندە مامۆستا مەلا عەبدولكەريمی مودەڕيس مانای ئەو دێڕەی بۆ ساغ نەبووەتەوە ، بڕوانە (مودەريس ،١٩٧٦ ل٤٠٩ )، بەلاَم بە پێی دێڕەكانی پێشووبێت بەتايبەت ، ئەو دێڕە كە دووبارەكردنەوەيەكی زۆر جوانی تێديە ، كە دەڵێت :

كە ديتم شەكڵی سەد ڕەنگی . گوتم : بابڵی عەيارە

كە بيستم لەفظی بێ دەنگی ، گوتم : شەيپوری شاپورە   ( ديوان،١٩٧٦ ، ٤٠٩ )

دەكرێت ئەم لێكدانەوەيە بۆ هەموو پارچە شيعرەكە بكرێت (دوورنييە نالی لە خەونيدا كەسێكی( كچێكی ) نەبينيبێت و وەك كوردان دەڵێن پێيەوە( شەيتانی ) بووبێت! لە دوايدا ، بە شكڵی سەد ڕەنگيدا  بۆی دەركەوتووە، كە بابای عەيار بووە ، واتە شەيتان بووە ).

لەم دێڕەشدا دووبارەكردنەوەی مۆرفێمی (كە) لە سەرەتای نيوەدێڕەكاندا و دووبارەبوونەوەی سێ فۆنێمی هەردوو وشەكانی (ڕەنگی ) و( دەنگی)، هەروەها دووبارەبوونەوەی  ڕستەی (گوتم )، جوانی بە فۆرم و ناوەڕۆكی شيعرەكە بەخشيوە.

## ئەنجامەكان

دەسەڵات و توانای هونەری و سەرمايەی فەرهەنگی زمان و شارەزايی نالی ، لە هونەری دووبارەكردنەوەدا لەم چەند خاڵەدا چڕكراونەتەوە :

١-لەگەڵ هونەری دووبارەكردنەوەدا نالی گرنگی بە لايەنی جوانی و ئيستاتيكای ئەو هونەرەداوەو و بە شارەزاييەوە دەسەڵات و توانا هونەرييەكەی و سەرمايەی فەرهەنگی زمانەكەی بەكار هێناوە .

٢-نالی وەك زمان ناس و شارەزايەكی بەتوانای فيلۆلۆگی ، لەئاستێكی بەرزی زمانی شيعری و هونەرەی ڕەوانبێژييدا لە پرۆسەی دووبارەكردنەوە دەروانێت بۆ دروستكردنی هونەرەكانی ڕەگەزدۆزی وچواندن و دركە وجوانی ...هتد.. لە نێو دێڕە شيعرييەكانيدا.

٣-دووپاتكردنەوەكان لە ئاستەكانی دەنگسازی و مۆرفۆلۆجی و سينتاكس و واتا سازييدا دەبينرێن ، لە هەمووبان ديارتر و سەرنجڕاكێشتر دووبارەكردنەوەی دەنگی(پيت)و مۆرفۆلۆجييە ، بەتايبەت  لە وشە و زاراوە و دەستەواژەدا.

٤-دووبارەكردنەوەی  فۆنێم و مۆرفێم و وشەكان لەناوەندی ڕستە شيعرييەكاندا ، بەشێوەيەكی هونەری هاوتەريب، پەرەلێلەيەكی دەنگيیان

پێكهێناوەو ئاوازی ناوەوەیان بۆ دێرە شیعرەكان و سەرجەم شیعرەكەش دروستكردووە.

٥-لە چامە شیعرییە درێژەكاندا سود و كەڵكی هونەری دووبارەكردنەوە ، بۆ بیرنەچوونەوەی بابەت و بەیاد هێنانەوەی وێنەی شیعریی وفراوانكردنی ناوەرۆكی چامەكەیە

٦- لە دووبارەكردنەوەی فۆنێم و وشەكاندا جوانی بە فۆرم و روخساری دێرە شیعرەكان دەبەخشێت ، هەرچی دووبارەكردنەوەی رستەییە جوانی و فراوانی وتۆكمەیی بە واتا و مەبەست وناوەرۆكی دێر و پارچە شیعرەكان دەبەخشێت.

## سەرچاوەكان:

### بەزمانی كوردی


١-نالی، دیوانی، ١٩٧٦ لێكۆڵینەوەولێكدانەوەی ملاعبدالكریمی مدرس و فاتح عبدالكریم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد ، بەغدا.

٢-دیوانی نالی وفەرهەنگی نالی، ١٩٧٧، لێكۆڵینەوە و ساغكردنەوەی دكتۆر مارف خەزنەدار، دارالحریة للطباعة ، بغداد.

٣-سیوەیلی، ڕێبوار، ٢٠١٥،كتێبی نالی ، لەبڵاوكراوەكانی ماڵی وەفایی و دەزگای زریاب ، هەولێر.

٤-صفوی، كورش، ٢٠١٨، لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات ، بەرگی یەكەم، هۆنراوە، وەرگێڕانی ،عوسمان دەشتی ، پێداچوونەوەی پ.د. یوسف شەرسف سەعید،چاپی یەكەم ، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

٥-عمر، د. موحسین ئەحمەد، ٢٠١٢، فەرهەنگی ئەدەبی ، چابخانەی حەمدی :حەمدی ، سلێمانی.

٦-محەمەد، مەسعوود، ٢٠١١ : هەندێ بابەتی زمان ورێنووسی كوردی ،چاپی یەكەم هـ چاپخانەی ئاراس ، هەولێر،


### بەزمانی عەرەبی:


٧-سعیدی، هناء، ٢٠١٦، جمالیات التكرار فی روایة(نزهة الخاطر ل امین الزاوی) رسالة ماجستیر، جامعة محمد خیضر بسكرة ، الجزائر.

٨- السید، شفیع ، أ.د.، ٢٠١٧، اسلوب التكرار بین تنظیر البلاغیین وأبداع الشعراء، PDF.

٩-القاسمی، محمد عبدالله، ٢٠١٠، التكرارات الصوتیة فی لغة الشعر، عالم الكتب الحدیث، الاردن، عمان، الطبعةالاولی.


### پێگەی تۆڕی ئەنتەرنێت:


١-www.Collinsdictionary.com

٢-الجیاشی، ریاض عبدالله سعد، ٢٠١٧، اسلوبیة التكرار فی الشعرالعربی وفق المنظورالنفسی، جامعة القادسیة. www.qu.edu.iq

٣- شرتح، عصام، ٢٠١٩، ماهیة الجمالیة فی شعر نزار قبانی، www Alkalima.net.

٤-Literatur lexikon www. //https. wortwuchs.net


.